https://www.doi.org/10.31918/twejer.1921.3

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# مێژووی کارگێڕیی هەڵەبجە لە نێوان ساڵانی (١٨٦٩-١٩٨٨)دا

م. ی. عادل صدیق عەلی
زانکۆی هەڵەبجە
adl.sdiq@gmail.com

**پوختە**

ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە باس لە گۆڕانکارییە کارگێڕییەکانی قەزای هەڵەبجە دەکات لە نێوان ساڵانی (١٨٦٩-١٩٨٨)دا، لێکۆڵینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم باس لە هاتنی عوسمانییەکان بۆ ناوچەکانی شارەزوور(١٥٣٤ز) و دروستکردنی ویلایەتی شارەزوور و شوێنی هەڵەبجە لەنێو ویلایەتەکە و میرنشینی بابان و دواتریش کردنی هەڵەبجە بە ناوەندی یەکەیەکی کارگێڕی فراوان دەکات، ئەوە سەرباری ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەدرێژایی ئەو ماوەیە بەسەر سنووری کارگێڕیی ناوچەکەدا هاتووە.

لە بەشی دووەمیشدا، بەوردی قسە لەبارەی گۆڕانکارییەکانی هەڵەبجەی سەردەمی ئینگلیز و شێخ مەحمود کراوە، بەڵام گۆڕانکارییە گەورەکانی ئەم قۆناغە زیاتر لە پەنجاکانەوە دەستپێدەکەن و بە هەڵوەشانەوەی خودی قەزاکە لە ١٩٨٨دا کۆتایی دێت، کە زیاتر هۆکارە سیاسی و سەربازییەکان ڕۆڵیان لەو گۆڕانکارییانەدا بینیوە. لەپاڵ ئەوانەشدا تیشک خراوەتە سەر ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر ناوی ناوەندی قەزاکە و ناحیەکانیدا هاتوون.

**وشە کلیلییەکان:** (هەڵەبجە، کارگێڕی، گۆڕانکاری، عوسمانی، عێراق)

## مێژووی کارگێڕیی هەڵەبجە لە نێوان ساڵانی (١٨٦٩-١٩٨٨)دا

### پێشەکی

بابەتی گۆڕانکاری لە یەکە کارگێڕییەکانی هەرێم و شارەکانی کوردستان و ئەو گۆڕانانەی کە بەسەر ناوی ناوچەکانی کوردستاندا لە قۆناغە جیاوازەکاندا هاتووە, ڕۆچوون تیایاندا شیکاری زانستییانە بۆیان هێشتا وەک پێویست نییە و لەلای توێژەران و نوسەران کەمتر بووەتە مایەی گرنگی پێدان، هەرئەوەش وایکردووە هەتا ئەمڕۆش لێڵی و ناڕوونییەکی بەرچاو لە مێژووی شار و هەرێمەکانی کوردستاندا هەبێت. هەڵەبجە نمونەی ئەو شارانەیە کە گۆڕانکاری زۆری بەسەر ناو و سنوورە کارگێڕییەکەیدا هاتووە و دەستاودەستی زۆری پێکراوە لە نێوان لایەنە ناکۆکەکانی ناوچەکەدا، ئەگەر بەوردی سەرنجی ئەو گۆڕانکارییانە بدەین، ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە هەڵەبجە لە دەستپێکی بوون بە ناوەندی کارگێڕی لە سنوورەکەیدا هەتاوەکو هەڵوەشاندنەوەی بەردەوام چوارچێوە جوگرافییەکەی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، زۆربەی ئەو گۆڕانانەش بەرئەنجامی گۆڕانکارییە سیاسی و سەربازییەکان بوون و ناسرووشتین، واتە ئەوە ڕووداوە سیاسی و سەربازییەکانن کە وایانکردووە سنووری کارگێڕی هەڵەبجە بەردەوام ڕوو لە بچووکبوونەوە بکات هەتا ڕادەی هەڵوەشانەوەی وەک شارێکی مێژوویی، خاڵی هەرە گرنگ لەم بابەتەدا کە پەیوەندیدارە بەم بابەتەوە بریتییە لە هەڵکەوتەی جوگرافی شارەکە و سنوورەکەی جا چ لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی بووبێت یاخود سەردەمی حکومەتی عێراق بێت، لەو ڕووەوە بەڵگەنامە و تۆمارە مێژووییەکان زۆر شتیان بۆ تۆمارکردووین و وەک بەڵگەی سەلمێنەر لەبەردەستدان. لە پاڵ ئەوانەشدا تایبەتمەندی قۆناغە مێژووییەکان و ئەو گۆڕانکارییانەی کە تیایاندا ڕوویداوە لەگەڵ هۆکارەکانی پشتیان جێگای باس و هەڵوێستە لەسەر کردنە، ئێمە لەم توێژینەوەیەدا بە ورییاییەوە هەڵوێستەمان لەسەر هەریەکێک لەو بابەتە

گرنگانەی سەرەوە کردووە و لە چوارچێوەیەکی زانستیدا توێژینەوەکەمان پێ ئامادەکردووە.

**گرنگی توێژینەوەکە:** بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە هەنگا و بە هەنگاو و بەپشتبەستن بە بەڵگەنامە مێژووییەکان خوێنەر ئاشنا دەکات بەو گۆڕانکارییە کارگێڕییانەی کە لەو ماوە مێژووییەی قەزای هەڵەبجەدا بەسەر یەکە کارگێڕییەکەیدا هاتووە لەگەڵ هۆکاری ئەنجامدانی ئەو گۆڕانکارییانە.

**هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:** هەڵەبجە  لە مێژووی دوور و نزیکی خۆیدا گۆڕانکاری زۆر بەسەر یەکە کارگێڕییەکەیدا هاتووە، گۆڕانکارییە زۆرەکان و هۆکارەکانی پشت ئەو گۆڕانکارییانە و نەبوونی هیچ جۆرە توێژینەوەیەکی وردی زانستی لەسەر ئەم بابەتە پاڵنەری هەرە سەرەکی بوو بۆئەوەی هەڵوەستە لەسەر ئەم بابەتە بکەین و دەست بکەین بە کارکردن لەم بوارەدا.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** ئامانجی ئێمە لەم توێژینەوەیە ئەوەبوو بەش بەش باس لەو گۆڕانکارییە کارگێڕییانە بکەین کە بەسەر سنووری هەڵەبجەدا هاتوون لە قۆناغە مێژووییە جیاوازەکاندا، لەگەڵ شیکارکردنی بابەتییانەی ئەو هۆکارانەی کە ڕۆڵیان هەبووە لەو ڕووەوە، هەتا لەو ڕێگەیەوە زانیارییەکی ورد و پوخت بخەینە بەردەستی خوێنەران و توێژەران.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** بێگومان هەر توێژینەوەیەکی زانستی پێویستی بە میتۆدێک هەیە بۆ ئامادەکردنی، ئێمەش دوای کۆکردنەوەی سەرچاوەکان و سەرنجدان لە ناوەڕۆکیان، بەکەڵکوەرگرتن لە میتۆدی شیکاریی مێژوویی شرۆڤەی زانیارییەکان و بەڵگەنامە مێژووییەکانمان کرد و ئەم  توێژینەوە زانستییەمان پێ  ساز و ئامادەکردووە.

**سەرچاوە گرنگەکانی توێژینەوەکە:** بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە هەوڵمانداوە کەڵک لە سەرچاوەی جۆراوجۆر وەربگرین، بەتایبەتی سەرچاوە ڕەسەنەکان، چونکە بۆ کارێکی لەم چەشنە توێژەر بەر لە هەرشتێک ئاتاجی بەو سەرچاوانەیە، بۆئەوەی لە ڕاستی و دروستی سەرچاوەی زانیارییەکانی دڵنیابێت، لەو ڕووەوە بۆ سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی تۆمارە فەرمییەکان و ساڵنامەکانی ئەو دەوڵەتە و بۆ سەردەمی حکومەتی عێراقیش (وقائع العراقية) و تۆمار و ئامارە ڕەسمییەکانی تری حکومەت باشترینی سەرچاوەی زانیارییەکان بوون بۆ گەڵاڵەکردنی ئەم توێژینەوەیە.

## بەشی یەکەم: گۆڕانکارییە کارگێڕییەکانی قەزای هەڵەبجە لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا:

### باسی یەکەم/ گۆڕانکارییەکانی هەڵەبجە لە هاتنی دەوڵەتی عوسمانییەوە بۆ ناوچەکە هەتا بە قەزابوونی شارەکە:

لە ڕووی کارگێڕییەوە لە دوای جەنگی چاڵدێرانی ٢٣ی ئابی١٥١٤ نێوان هەردوو دەوڵەتی سەفەویی و عوسمانی و بەتایبەتیتریش لە دوای هاتنی سوڵتان سلێمانی قانوونی (١٥٢٠-١٥٦٦) بۆ سەر حوکم ناوچەکانی شارەزوور بوونە بەشێک لە قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانی (١٥٥٤)، حکومەتی عوسمانیش سنوورەکەی لە ڕووی کارگێڕییەوە ڕێکخست و ویلایەتێکی بەناوی (شارەزوور)ەوە دروستکرد، لە سەرەتادا گوڵعەنبەر(خورماڵی ئەمڕۆ - توێژەر)یان کرد بە پایتەختی ئەیالەتەکە، بەڵام لە سەرەتای سەدەی حەڤدەوە گواستیانەوە بۆ شاری کەرکوک. (اينالجليك، ٢٠٠٢: ١٦٨ ؛ نصار، ٢٠٠٥، ٢٥٦)

لەوە بەدواو بەتایبەتی لە دوای ڕێککەوتننامەی زەهاویساڵی ١٦٣٩ نێوان سەفەوی و عوسمانی وەک لە یەکێک لە بەندەکانی

ڕێککەوتننامەکەدا هاتووە، ناوچەکانی:" بەدرە، جەسسان، مەندەلی، درنە، درتنک، سەرمنیل و ئەو گوندانەی دەکەونە نێوان قەڵای زنجیر تا قەڵای زەڵم لە شارەزوور و هەموو شاخەکانی دەوروبەری ئەم قەڵایە تا ئەو دەروازەیەی بۆ شارەزوور دەڕوا و خاڵی سنووری هەردوو دەوڵەت پێکدەهێنێت لەگەڵ قەڵای قزڵجە و دەوروبەری بۆ دەوڵەتی عوسمانی یەکلایی کرانەوە، هەرچی بەری ڕۆژهەڵاتی هەموو ئەو ناوچانەیە دران بە ئێران، ئیدی دەسەڵاتی کارگێڕی ناوچەکانی شارەزوور، کە هەڵەبجەش بەشێک بوو لێی بەیەکجاری لە دەسەڵاتی ئێران و میرنشینی ئەردەڵان دابڕا و بوو بە بەشێک لە قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانی. (عەلیاوەیی، ٢٠٠٤: ٢٥-٢٧ ؛ ئەمین، ١٩٩٨: ٢٥٠ ؛ عەبدوڵڵا، ٢٠٠١، ٤٣-٤٤)

دەبێ بڵێین، ویلایەتی شارەزوور لە دروستبوونییەوە هەتا ساڵی ١٨٧٩ کە بەیەکجاری هەڵوەشایەوە و ویلایەتی موسڵ دروستکرا، چەند جارێک هەڵوەشێنراوەتەوە و دروستکراوەتەوە، لەکاتی هەڵوەشانەوەشیدا ناوچەکانی ویلایەتەکە دەبەسترایەوە بە ویلایەتی بەغدادەوە، (نصار، ٢٠٠٥: ٢٥٦-٢٥٧) بەدرێژایی ئەو ماوەیە شوێنی هەڵەبجەی ئێستا بەشێک بووە لەو ویلایەتە، دواتریش، کە میرنشینی بابان دروست بوو، هەڵەبجە بوو بە بەشێک لە ناوچەکانی ژێر قەڵەمڕەوی ئەو میرنشینە. (نوار، ٢٠١٢: ١٢٤-١٢٥ ؛ نازم بەگ،٢٠١٣: ٣٤-٤٨)

لەگەڵ ئەوەی شوێنەوارەکانی ناوچەکە وای دەردەخەن شوێنی هەڵەبجەی ئێستا قۆناغ و سەردەمی شارستانی جۆربەجۆری بەخۆیەوە بینیوە بەتایبەتی گردی بەکراوای سێ کیلۆمەتری باشووری ڕۆژئاوای شارەکە, (وزارة الحكم المحلي، ١٩٨٩-١٩٩٠: ١٩٦) بەڵام وادیارە جەنگ و ململانێ بەردەوامەکان گرفتی زۆریان دروستکردووە و زۆرجار ناوچەکەیان ڕووبەڕووی وێرانکاریی و کاولکاری تاڕادەی چۆڵبوونی ناوچەکەش کردووەتەوە، (کوردستانی، ٢٠٠٥: ٣٤-٤٤، ٧٢ ؛ ئەمین، ١٩٩٨، ١٥٦-١٥٧، ١٦٣) چونکە هەڵەبجەی ئەمڕۆ بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان

له سەرەتای سەدەی هەژدەهەمەوە سەرلەنوێ ئاوەدانکراوەتەوە و بنیاتنراوەتەوە. ڕوونتر بڵێین هەڵەبجە نموونەی ئەو شار و ناوچە سنوورییانەیە، کە دەستاودەستی زۆری پێکراوە و هەرجارەی لە بندەستی هێزێکی هەرێمی (ئێرانی و عوسمانی) یان ناوخۆیی (ئەردەڵان و بابان)دا بووە. (عەلی، ٢٠١٨: ٢٣-٢٤)

ئەو سەرچاوانەشی کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا لەبارەی هەڵەبجەوە دواون، بەشێوازی جۆراوجۆر ناوی هەڵەبجەیان هێناوە، بەنمونە ڕیچ(١٨٢٠) کاتێک باسی دەکات وەک شار ناوی دەهێنێت، (ڕیچ، ١٩٩٢: ١٢٤) مەولانا خالیدیش کە هاوسەردەمی ڕیچە، کاتێک باسی هەڵەبجە دەکات ئاماژە بەوە دەکات کە (ئەحمەد بەگی کوڕی خالید پاشای بابان) فەرمانڕەوای شارەکە بووە، (مودەڕیس، ٢٠١١: ١٢٢، ٢٤١؛ قرداغی، ١٩٧٤: ٢٦٥) بەو پێیەش بێت هەڵەبجە لە سەردەمی بابانەکاندا ناوەندێکی کارگێڕی بووە، هەرچی سەبارەت بە تۆمارەکانی عوسمانییە، لە ساڵی ١٨٤٢ بەدواوە وەک قەزا ناویان هێناوە، بەڵام هەتا ساڵی ١٨٦٩ کە محەمەد پاشای جاف وەک یەکەم قایمقامی شارەکە دیاری دەکرێت، بەڕێوەبەر بەڕێوەی بردووە، نەک قایمقام. (سەلاح، ٢٠١٧: ١١١-١١٣)٣

## باسی دووەم/ گۆڕانکارییە ئیدارییەکانی هەڵەبجە لە نێوان ساڵانی (١٨٦٩-١٩١٨)دا:

سلێمانی هەتا ساڵی ١٨٥١ کە میرنشینی بابان بەیەکجاری کۆتایی هات، لە ڕووی ئیدارییەوە سەنجەقێکی سەر بە ئەیالەتی شارەزوور بووە، بەڵام لەوە بەدوا سەنجەقی سلێمانی بەسترایەوە بە ئەیالەتی بەغدادەوە، لەگەڵ دروستبوونی ویلایەتی موسڵ لە (١٨٧٩)دا سەنجەقی سلێمانی لە بەغداد دابڕێنرا و خرایە سەر موسڵ، ئەم گۆڕانکارییەی کۆتایی هەتا ساڵی ١٩١٨ بەردەوام بوو. (الحمیداوی، ٢٠٠٩: ١٨٣)

ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی بۆ بکەین ئەوەیە، کە لە دوای ڕاگەیاندنی تەنزیماتەوە هەندێ گۆڕانکاری ئیداری لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا ئەنجامدران، لە مانگی ئازاری ١٨٤٢دا پێکهاتەیەکی ئیداری نوێ ڕێکخرا، بەپێی ئەو ڕێکخستنە نوێیە لە چوارچێوەی سەنجەقدا کۆمەڵێک گوند بە گوندێکەوە دەبەسترانەوە و یەکەیەکی نوێیان بەناوی قەزا پێکدەهێنا و لەلایەن بەڕێوەبەری قەزاوە بەڕێوەدەبران، سەنجاقیش لەلایەن قایمقامەوە بەڕێوەدەبرا. واتە ئەوەی کە ئیدارەی قەزاکانی دەکرد لەو قۆناغەدا بەڕێوەبەری قەزابوو نەک قایمقام، ئەم شێوازە لە بەڕێوەبردنی قەزا لە ١٨٤٢وە بەردەوام بوو هەتا ساڵی ١٨٦٤، لەم بەروارەوە دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی قەزا لە بەڕێوەبەرەوە گوازرایەوە بۆ قایمقام لە پاڵ ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی قەزادا.

لەگەڵ ئەم ڕێکخستنە نوێیەشدا هەریەک لە گوڵعەنبەر و هەڵەبجە بوون بە دوو قەزا لە لیوای سلێمانیدا، (سەلاح، ٢٠١٧: ١١٠-١١١) لە هەمان ساڵدا (١٢٥٨ک/١٨٤٢ز) محەمەد خورشید پاشا نوێنەری دەوڵەتی عوسمانی بۆ دیاریکردنی سنووری ئێرانی عوسمانی، ناوی هەریەکە لە هەڵەبجە (البجە) و گوڵعەنبەری وەک دوو قەزا هێناوە. (باشا، ٢٠٠٩: ٢٩٠-٢٩٧)

بەڵام دوای ئەوەی کە یەکەی ئیداری هەڵەبجە لە بەڕێوەبەرایەتییەوە بوو بە قایمقامییەت گوڵعەنبەر کە لە بنەڕەتدا ناوی شارۆچکەی خورماڵە، وەک ناوێک بۆ قەزاکە بەکارهاتووە, کە ناوەندەکەی هەڵەبجە بووە. لێرە بەدواوە هەتا کۆتایی دەسەڵاتی عوسمانی هەڵەبجە بوو بە ناوەندی قەزای گوڵعەنبەر (سەلاح، ٢٠١٧: ١١١) و لە تۆمارەکانی دەوڵەتی عوسمانیشدا بە قەزای گوڵعەنبەر (کلعنبر قضاسی) نێودەبرا و قەریەی گوڵعەنبەر(خورماڵ)یش بووە بەشێک لەو قەزایە(١). (ساڵنامەی ویلایەتی بەغداد(١٢٩٢هـ): ١٠٠، ١٣١، ١٥٦)

بەپێی بەڵگەنامەیەکی دەوڵەتی عوسمانی کە لە ١٨٦٩/١١/٢٤ نێردراوە بۆ ئەیالەتی بەغداد باس لە جێگیرکردنی عەشیرەتی جاف لە هەڵەبجە و فەرمانی دامەزراندنی محەمەد پاشای جاف وەک قایمقامی قەزاکە دەکات. وەک لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە بەپێی ئەو ڕێکخستنە نوێیەی کە لە سەنجاقی سلێمانیدا کراوە، یەکێک لەو پێنج قەزایەی کە دەکەوێتە سەنجاقەکەوە بریتییە لە دەشتی پانوبەرینی گوڵعەنبەر کە نزیک سنووری ئێرانە و هەوارگەی زستانەی عەشیرەتی جافە، لە بەڕێوەبەرایەتییەوە دەکرێتە قایماقامییەت و محەمەد بەگ(دیارە تا ئەو کاتە نازناوی پاشای وەرنەگرتووە) سەرۆکی جاف دەکرێتە قایمقامی قەزاکە....هتد).

ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە پێش ئەم بەرواره قەزای هەڵەبجە لەبری قایمقام، بەڕێوەبەری هەبووە و لەم بەرواره بەولاوە ئیدارەی قەزاکە لە بەڕێوەبەرایەتییەوە دەبێتە قایمقامییەت. بەوپێیەش بێت ئەگەر قەزا وەک ناو وەرگرین ئەوا ساڵی ١٨٤٢ مێژووی بە قەزابوونی شارەکەیە و ئەگەر قەزا بەوشێوازە ئیدارییە وەربگرین کە ئێستا هەیە، ئەوا ساڵی ١٨٦٩ مێژووی بە قەزابوونی شاری هەڵەبجە و دانانی یەکەم قایمقامە بوێ. (سەلاح، ٢٠١٧: ١١٢-١١٣)

ئەم گۆڕانکارییە گرنگەش هاوکاتە لەگەڵ بوونی مەدحەت پاشا بە والی بەغداد (١٨٦٩/٤/٣٠-١٨٧٢/٥/١٣)، ناوبراو دوای هاتنی بۆ بەغداد سەرلەنوێ عێراقی لە ڕووی کارگێڕییەوە ڕێکخستەوە، بەشێوەیەک تەنها دوو ویلایەت پێکهێنرا ـ ویلایەتی بەغداد و موسڵ ـ یەکەمیان بریتی بوو لە هەردوو ویلایەتی بەغداد و بەسرەی کۆن، موسڵیش بریتی بوو لە هەردوو ویلایەتی موسڵ و شارەزوور، ئەم ویلایەتانە دابەشکران بەسەر ژمارەیەک لیوا و قەزادا. سلێمانی کە یەکێک بوو لە لیواکانی سەر بە موسڵ لەم قەزایانە پێکهاتبوو: گوڵعەنبەر، جاف(٢)(مەبەستی هەڵەبجەیە ـ توێژەر)، بازیان، قەرەداغ، شهربازار(شارباژێڕ)، مەرگە. (نوار، ٢٠١٢: ٣٥٣-٣٥٥)

دوای جیابوونەوەی موسڵیش لە ویلایەتی بەغدا لە ساڵی (١٨٧٥ز/١٢٩٢ک) سلێمانی وەک سەنجەقێکی سەر بە موسڵ لەم قەزایانە پێکدەهات: کلعنبر، شهربازار، بازیان، قرەطاغ، مرگە.(نصار، ٢٠٠٥: ٢٦١) لەو سەرەتایەشەوە قەزای گوڵعەنبەر هەریەک لە ناحیەکانی: سرۆچک(٣)(هاوار، ١٩٩١: ١٤١) و قزڵجەی(٤)(ساڵنامەی ویلایەتی موصل (١٣٢٥هـ): ٢٣٠) لەخۆدەگرت .(سالنامە ویلایت بغداد(١٢٩٢هـ): ١٠٠)

لەم ڕووەوە ڕەنگە هیچ سەرچاوەیەک بە ئەندازەی تۆمارەکانی دەوڵەتی عوسمانی بەتایبەتی ساڵنامەکان(٥)(نصار، ٢٠٠٥: ١٣) بۆ ئەم بابەتە گرنگ نەبن، چونکە ساڵنامەکان زانیاری زۆر وردی هەمە جۆریان تێدایە لەسەر یەکە کارگێڕییەکانی ویلایەتەکانی دەوڵەتی عوسمانی، هەڵەبجەش وەک یەکێک لە قەزاکانی لیوای سلێمانی سەر بە ویلایەتی بەغداد لە سەرەتا و دواتریش ویلایەتی موسڵ(١٨٧٩)، زانیاری وردی لەنێو ساڵنامەکاندا لەسەر تۆمارکراوە، بەشێوەیەک لە ساڵنامەکانی سەرەتادا ناوی هەڵەبجە بەشێوەی (علوجە) هاتووە وەک یەکێک لەو جێگایانەی کە سەر بە لیوای سلێمانی و ئەیالەتی بەغدادن(٦)، (سالنامە١٢٧٢هـ : ١٠٥) لە هەندێکی دیکەیاندا تەنها ناوی گوڵعەنبەر(کلعنبر) وەک قەزایەکی سەر بە لیوای سلێمانی ناوی هاتووە(٧)، (سالنامە،(١٢٨٦هـ): ٢٠٣) ئەوە لەکاتێکدا لە ژمارەیەکی دیکەیاندا (کلعنبر و عەشائیری جاف) وەک دوو قەزای سەر بە لیوای سلێمانی(٨)(سالنامە دولت علیە عثمانیە(١٢٩٣هـ): ٢٥٢) و لە هەندێکی دیکەشیاندا بەشێوەی (کلعنبر و عشائران) ناویان هاتووە(٩)، (سالنامە،(١٢٨٣ک): ١٧٣) بەڵام بە تێپەڕبوونی کات (عشائری جاف و عشائران) کە بێگومان هەردووکیان هەریەکێکن نەماون و تەنها گوڵعەنبەر ماوەتەوە(١٠). (سالنامە دولت علیە عثمانیە(١٢٩٨هـ): ٨٧)

پێدەچێت ئەوە هەڵەیەکی تۆمارکردن بووبێت، چونکە دوای دانانی محەمەد بەگ(محەمەد پاشای جاف) بە قایمقامی هەڵەبجە چیتر

گوڵعەنبەری کۆن(خورماڵ) وەک یەکەیەکی کارگێڕی نەمایەوە هەتا هاتنی ئینگلیزەکان بۆ ناوچەکە و سەرلەنوێ دروستکردنەوەی وەک یەکەیەکی کارگێڕی، بەڵام ئەمجارەیان بەناوی(خورماڵ) و وەک ناحیەیەکی سەر بە قەزای هەڵەبجە نەک قەزایەکی سەربەخۆ.

بابەتێکی دیکە بریتییە لەو جیاوازییەی کە لە ژمارەی ناحیەکانی قەزای گوڵعەنبەردا هەیە لە نێوان ساڵنامەکانی ویلایەتی موسڵ و (سالنامە دولت علیە عثمانیە)دا، لەکاتێکدا هەردووکیان تۆماری ڕەسمی دەوڵەتی عوسمانین، بەنمونە لە هەر (٥) ساڵنامەکەی ویلایەتی موسڵدا تەنها ناحیەکانی: قزڵجە و سرۆچک لە ڕووی ئیدارییەوە سەر بە قەزای گوڵعەنبەرن(١١)، ( ١٣٠٨هـ: ١٥٣) ئەوە لەکاتێکدا لە ساڵنامەکانی نێوان سالانی (١٣٠٦ک– ١٣٢٦ک) (سالنامە دولت علیە عثمانیە)دا، کە بەشێکیان هاوسەردەمی ساڵنامەکانی موسڵن و سالانە ئەم ساڵنامەیە دەرچووە، هەریەکە لە ناحیەکانی: سرۆچک، قزڵجە، قەرەداغ، شێخ ئیسماعیل تائیفەسی(١٢)(ئەم ناحیە ئێستا نەماوە ـ توێژەر) لە ڕووی ئیدارییەوە سەر بە قەزاکەن(١٣). (ساڵنامەکانی: ١٣٠٦هـ : ٤٥٨)

سنوری کارگێڕیی هەڵەبجە وەک ئەوەی لە (سالنامە دولت علیە عثمانیە ١٣٠٦ک–١٣٢٦ک)دا هاتووە

| قەزا | ناحیە | گوند |
|---|---|---|
| گوڵعەنبەر(البجە) | . | ١٠٣(خودی گوڵعەنبەر) |
| | سرۆچک | ٩٠ |
| | قزڵجە | ١٠٦ |
| | قەرەداغ | ١٧٣ |
| | شێخ ئیسماعیل طائفە سی | ١ |

بەڵام لە ژمارەکانی کۆتایی ئەم ساڵنامەدا سنووری کارگێڕیی هەڵەبجە هەمان سنوورە کە لە ساڵنامەکانی ویلایەتی موسڵدا هاتووە. (سالنامە دولت علیە عثمانیە، ١٣٢٧: ٧٩٤؛ ١٣٣٣–١٣٣٤ك: ٨٥٧، ٨٧٧)

گوڵعەنبەریش وەک شەمسەدین سامی(١٨٩٥) دەڵێت:" قەزایەکی گەورەیە لەو پەڕی باکووری خۆرهەڵاتی لیوا و ویلایەتە، لە لیوای سلێمانی و ویلایەتی موسڵ، لە خۆرئاواوە قەزاکانی سلێمانی و شەهربازاڕ(شارباژێڕ)، لە سێ لای دیکەشەوە بە سنووری ئێران دەورە دراوە، شارۆچکەی گوڵعەنبەر کە لەلایەن بەهەشتی سوڵتان سلێمان خانی قانونییەوە بنیاتنراوە و ناوەکەی پێ بەخشراوە، لە سنووری ئێراندایە. دێی (البجە)، کە ناوەندی ئێستای قەزاکەیە، نزیکەی (٣٠٠٠) دانیشتوان و شتی وەک مەدرەسە و قوتابخانە و خان و بازاڕی هەیە و قەزا لە (٤٧٣) گوند پێکهاتووە، جگە لە خەڵکی نیشتەجێی تێگەڕانی عەشیرەتی (جاف)یشە، قایمقامی قەزاکە بە زۆری دەدرێتە سەرکردەکانی ئەم عەشیرەتە....هتد". (فراشری، ١٣١٤هـ : ٣٨٧٦)

سنوری کارگێڕی هەڵەبجە وەک ئەوەی شەمسەدین سامی ئاماژەی بۆ کردووە

| قەزا | ناحیە | ژمارەی گوند |
|---|---|---|
| گلعنبر | سرۆچک | ٤٧٣(فراشری، ١٣١٦هـ : ٤٤٨٤) |
| | قزڵجە | |
| | قەرەداغ | |

لە تۆمارێکی دیکەی هەمان سەردەمدا هاتووە:" قەزای گوڵعەنبەر قەزایەکی گەورەیە سەر بە سەنجەقی سلێمانی و سەر بە ویلایەتی موسڵە، کەوتووەتە باشووری ڕۆژهەڵاتی ویلایەتەکەوە. لە ڕۆژئاواوە بە قەزای سلێمانی و شارباژێر و لەلایەکانی تریشەوە بە سنووری ئێران

دەورە دراوە، مەڵبەندی قەزاکەش گوندی (البجە)یە. قەزا لە (٤٧٣) گوند پێکهاتووە، قایمقامی قەزاکەش هەر سەرۆکی عەشیرەتەکەیە". هەروەک لە جێگایەکی تردا هاتووە:" گوڵعەنبەر قەزایەکی سەر بە سلێمانی و سەر بە ویلایەتی موسڵە، ژمارەی دانیشتوانی (٧٠٠٠) کەسە، مەڵبەندی قەزاکەش گوندی (حاڵپاشا)یە(١٤)، قەڵای گوڵعەنبەر لە شوێنەوارەکانی سوڵتان سلێمان کوڕی سەلیم خانی یەکەمە". (دەباغ، ٢٠٠٤: ١٣٥)

ئەوەی تێبینی دەکرێت لە ساڵنامەکاندا، ئەو گۆڕانکارییە خێرا و بەردەوامانەیە کە لە سنووری یەکە کارگێڕییەکاندا کراون، بەنمونە لە سنووری کارگێڕی هەڵەبجەدا لە ساڵی (١٣٢٧ک/١٩٠٩ز) بەدواوە، چیتر ناحیەیەک بەناوی (شێخ ئیسماعیل تائیفەسی) بوونی نامێنێت (وادیارە هەڵوەشێنراوەتەوە ـ توێژەر)، هەرچی ناحیەی (قەرەداغ)یشە لە گوڵعەنبەر دابڕێنرا و خرایە سەر سلێمانی، ئەم حاڵەتەش هەتا کۆتایی دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی بەردەوام بوو.

بەوشێوەیە وەک چۆن لە سەرەتای پێکهێنانی ئیدارەی قەزای گوڵعەنبەردا هەریەکە لە ناحیەکانی قزڵجە و سرۆچک لە ڕووی کارگێڕییەوە بەسترانەوە بە قەزای گوڵعەنبەرەوە، لە کۆتایی دەوڵەتی عوسمانیشدا هەر ئەو دوو ناحیەیە لەسەر گوڵعەنبەر مانەوە. (سالنامە دولت علیە عثمانیە ١٣٢٧هـ : ٧٩٤)

**بەشی دووەم/ گۆڕانکارییە ئیدارییەکانی هەڵەبجە لە هاتنی ئینگلیزەکانەوە بۆ عێراق هەتا هەڵوەشاندنەوە شارەکە:**

**باسی یەکەم/ گۆڕانکارییە ئیدارییەکانی هەڵەبجە لە نێوان ساڵانی (١٩١٨-١٩٧٨)دا:**

لەگەڵ تێپەڕبوونی کات و زیاتریش لە دوای هاتنی ئینگلیزەکانەوە سنووری کارگێڕی هەڵەبجە گۆڕانکاری زیاتری بەخۆیەوە بینی، وادیارە

ئینگلیزەکان ویستوویانە هەیکەلی ئیداری ناوچەکە سەرلەنوێ ڕێکبخەنەوە، بەنمونە ناوی گوڵعەنبەر چیتر بۆ یەکەی ئیداری هەڵەبجە و ناوی قزڵجە بۆ یەکەی ئیداری پێنجوێن بەکارنەهێنران، بەڵکو ناوی ناوەندی قەزاکە (البجە) بۆ یەکەی ئیداری قەزای گوڵعەنبەر (پێشکەوتن، ژ(١)، ١٩٢٠/٤/٢٩: ١) و ناوی ناوەندی ناحیەی قزڵجە (پێنجوێن) بۆ یەکەی ئیداری ناحیەی قزڵجە بەکاردەهات، (پێشکەوتن، ژ(١٧)، ١٩٢٠/٨/١٩: ٤) هەروەها (سرۆچک)یش لە هەڵەبجە دابڕێنرا و خرایە سەر سلێمانی، لە بەرامبەردا دوو ناحیەی دیکە لە سنووری ئیدارەی هەڵەبجەدا دروستکران، کە ئەوانیش بریتی بوون لە: وارماوا(١٥) (سالنامە(١٢٧٢هـ): ١٠٥) و خورماڵ، بەپێی ڕاپۆرتێکی ساڵی ١٩١٩ی مێجەرسۆنی حاکمی سیاسی سلێمانی، هەڵەبجە هەریەکە لە ناحیەکانی: پێنجوێن، خورماڵ و وارماوا(١٦) (عەلی، ٢٠١١: ١٨٩) لەخۆدەگرت. (هاوار، ١٩٩١: ١٣٢-١٣٣)

جیا لەوانەش وەک ڕوونبووەتەوە لە هەر سێ حکومەتەکەی شێخ مەحموددا هەڵەبجە بەشێک بووە لە سنووری کارگێڕی دەسەڵاتی ناوبراو، بەڵام ئینگلیزەکان چەند جارێک هەڵەبجەیان لە ڕووی ئیداریی و سیاسییەوە لە سلێمانی و حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی شێخ مەحمود دابڕی و بەجیا و وەک یەکەیەکی ئیداری سەربەخۆ مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرد، جارێکیش بەستیانەوە بە قەزای کفرییەوە، بەڵام ئەو دابڕینانە کاتی بوون، چونکە هەر دوای لەناوچوونی حکومەتەکانی شێخ مەحمود ڕەوشەکە ئاسایی دەکرایەوە و هەڵەبجە دەخرایەوە سەر سلێمانی، (هاوار، ١٩٩١: ٤٤٤؛ ساڵح، ٢٠٠٦: ١١-١٩) تاکە ئامانجیش لەم گۆڕانکارییانە لێدان و بچووککردنەوەی دەسەڵاتی شێخ مەحمود بوو.

لەوە بەدوا هەتا پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە سنووری کارگێڕی هەڵەبجەدا ڕووی نەدا، بە وتەی شاکر فەتاح لەو ماوەیەی کە قایمقامی هەڵەبجە (١٩٤٦/٨/٢٤-١٩٤٧/٢/٢٨) بووە، (ساڵح، ٢٠٠٢: ٣٤) هەوڵێکی زۆریداوە بۆئەوەی هەندێک گۆڕانکاری کارگێڕی لە

سنووری هەڵەبجەدا بە قازانجی ناوچەکە بکات، بەڵام هەوڵەکانی ئەنجامی نەبووە، لەمبارەوە دەڵێت:" داخەکەم لە هەڵەبجەدا زۆر نەمامەوە، تابتوانم بە دڵی خۆم ڕەنجی تێدا بدەم، زۆر پێشنیارم کرد بۆ جیاکردنەوەی پێنجوێن لە هەڵەبجە و دامەزراندنی (لادێی هەڵەبجە) لە گوندی (عەبابەیلێ)دا، و گواستنەوەی بنکەی (لادێی وارماوا) بۆ گوندێکی نزیکتر و باشتر، بەڵام ئەوانە لە پاش جوێبوونەوەی من بە چەند ساڵێک جێبەجێکران". (فەتاح، ٢٠٠٣: ٤٨٤)

تەنها گۆڕانکارییەکیش کە بەر لە شۆڕشی ١٤ی تەموز ڕوویدا بێت، بریتی بوو لە دروستبوونی یەکەیەکی کارگێڕی نوێ لە سنوورەکەدا لە ساڵی ١٩٥٥دا بەناوی ناحیەی شارەزوور، ناحیە نوێیەکە گوندی (سەیدصادق)ی هەڵکەوتوو لە باکووری ڕۆژئاوای هەڵەبجە کرایە ناوەندەکەی. (الوقائع العراقية، العدد(٣٧١٥)، ١٩٥٥/١٠/٢٢) بەڵام لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەموزی ساڵی١٩٥٨وە زنجیرەیەک گۆڕانکاری تر بەسەر سنووری قەزای هەڵەبجەدا هاتن، گۆڕانکارییەکانیش سنووری هەڵەبجەیان زیاتر بەرتەسک کردەوە، پێنجوێن کە شاکر فەتاح پێشنیاری جیاکردنەوەی کردبوو لە هەڵەبجە، لە ساڵی ١٩٥٩دا کرا بە قەزا و لە هەڵەبجە جیاکرایەوە، بەوەش ڕووبەرێکی جوگرافی گەورەی دیکە لە هەڵەبجە دابڕێنراو کرا بە یەکەیەکی کارگێڕی سەربەخۆ، (الوقائع العراقية، العدد(٢٦٣)، ١٩٥٩/١١/٢٤) هەرچی وارماوایە کە شاکر فەتاح خواستی بوو ناوەندی ناحیەکەی بگوازێتەوە بۆ شوێنێکی گونجاوتر لە سەرەتادا گوازرایەوە بۆ گوندی (قليجه)، (الجمهورية العراقية، ١٩٦٢: ٣٣) بەڵام دواتر بەهۆی دروستبوون و گەشەکردنی گوندی دەربەندیخان کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە دروستکردنی بەنداوەکەوە هەبوو، گوازرایەوە بۆ (دەربەندیخان) بە دووری (٢ تا ٣کم)ی باشووری ڕۆژهەڵاتی فەقێ جنە. (الجمهورية العراقية، ١٩٦٢: ٢٦) لەوەش زیاتر پەرەسەندنی خێرای دەربەندیخان وایکرد کە ناوی ناحیەکە لە (وارماوا)وە

بگۆڕێت بۆ دەربەندیخان و چیتر ناوی وارماوا بەکارنەهێنرێت.(الجمهورية العراقية، ١٩٦٥: ٨٦)

هەر لەو ماوەیەدا ناحیەیەکی دیکە لە سنووری هەڵەبجەدا دروستکرا، ناحیە نوێیەکە کە بە سیروان ناسرا(١٩٦٠) گوندی (کێلەسپی) کە دەکەوێتە سەر ڕێگای سەرەکی هەڵەبجە ـ ناحیەی شارەزوور کرا بە ناوەندی. (غفور، ٢٠٠٨: ١٤٠، ٢٠٣) دوای ئەم گۆڕانکارییانە یەکەی کارگێڕی قەزای هەڵەبجە وەک لە ئاماری ساڵی ١٩٦٥دا ئاماژەی بۆ کراوە جگە لە ناوەندی قەزاکە، پێکدەهات لە ناحیەکانی: خورماڵ، شارەزوور، دەربەندیخان، سیروان. (الجمهورية العراقية، دليل التعداد العامة ١٩٦٥: ٨٤-٩٠) بەڵام ئەم دابەشکارییە هەربەوشێوەیە نەمایەوە، بیارە کە تا سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو گوندێکی سەر بە ناحیەی خورماڵ بوو، لە ١٩٧١/٤/٦ کرا بە ناحیە و لە خورماڵ (غفور، ٢٠٠٨: ٦٨–٦٩) دابڕێنرا، دەربەندیخانیش، بە مەرسومێکی کۆماری لە ١٩٧١/١٠/١١ کرا بە قەزا و لە هەڵەبجە جیاکرایەوە. ( غفور، ٢٠٠٨: ٧٣)

بەوشێوەیە لە دوای پێنجوێن، دەربەندیخان دووەمین ناحیە بوو کە لە هەڵەبجە دابڕێنرا و کرا بە قەزا، لە هەردوو حاڵەتەکەشدا پانتاییەکی جوگرافی بەرفراوان لە هەڵەبجە دادەبڕێنران و سنووری هەڵەبجە هێندەی تر بەرتەسک و بچووکتر دەبوویەوە.

لەڕاستیدا گۆڕانکارییەکان هەر بەوانەوە نەوەستان، بەڵکو لەوە بەدوا ڕووداوە سیاسی و سەربازییەکانی ناوچەکە بیانوویان دایە دەست ڕژێم بۆ هەرچی زیاتر بچووککردنەوە و لە قاڵبدانی سنووری کارگێڕی قەزای هەڵەبجە، بەنمونە دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول، هەل و دەرفەتی گونجاو ڕەخسا بۆئەوەی کاربەدەستانی حکومەتی عێراقی بە ئارەزووی خۆیان گۆڕانکاری لە یەکە کاگێڕییەکانی کوردستاندا ئەنجامبدەن، (عەلی، ٢٠١٨: ٧٠) لەو چوارچێوەیەدا و ساڵێک بەر لە ڕاگەیاندن و دەستپێکردنی

ڕاگواستنی گوندە سنوورییەکان کە ڕژێم ناوی لێنابوو پشتێنەی ئەمنی, سەرژمێری گشتی ئەنجامدا (١٩٧٧)، بەگوێرەی ئەم ئامارە نوێیە ئەگەرچی گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ بەسەر سنووری کارگێڕی هەڵەبجەدا نەهات، واتە ژمارەی ناحیەکانی (خورماڵ، شارەزوور، سیروان، بیارە) کەم و زیادیان نەکرد، (الجمهورية العراقية، التعداد العام للسكان ١٩٧٧: ١ ؛ علاالدين، ٢٠٠٨: ٢٣، ١١٠ ، ١٢٥، ١٦٥، ١٦٧) بەڵام بە چەند مانگێک بەر لە دەستپێکردنی پڕۆسەی ڕاگواستنی گوندە سنوورییەکان، لە ڕۆژی ١٩٧٨/١/٦ بە مەرسومێکی کۆماری دەیان گوندی(١٧) (گوندەکان دەکەونە ڕۆژئاوای هەڵەبجە و ڕووباری سیروان - توێژەر) ناحیەی سیروانی سەر بە قەزای هەڵەبجە کە دەکەونە ڕۆژئاوای قەزاکە و ڕووباری سیروان لەو ناحیەیە دابڕێنران و خرانە سەر قەزای دەربەندیخان، بەوەش پانتاییەکی جوگرافی گەورەی دیکە لە هەڵەبجە دابڕێنرا، (غفور، ٢٠٠٨: ١٠٥-١٠٦) لەوەش زیاتر بەوپێیەی کە هەڵەبجە یەکێک بوو لە قەزا سنوورییەکانی سەر بە پارێزگای سلێمانی و سنوورێکی بەرفراوانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێراندا هەیە، نزیکەی (٩١) گوندی بەر پرۆسەی ڕاگواستنی گوندە سنوورییەکان کەوتن، ڕاگوێزراوەکان لە پێنج ئۆردوگای زۆرەملێدا کە ئەوانیش بریتی بوون لە: عەنەب، زەمەقی، سیروان، خورماڵ، شانەدەری کۆکرانەوە و نیشتەجێکران. (عەلی، ٢٠١٨: ٧٢-٧٣)

بەوەش ڕووبەرێکی فراوانی قەزاکە لە دانیشتوانەکەی خاڵی کرا و گوندەکانیان کرا بە وێرانە، نیشتەجێکردنی ئەو گوندنشینانەش لەو ئۆردوگایەی کە بۆیان دیاریکرابوو تۆپزی بوو نەک بە خوایشتی خۆیان، هەربۆیە دوای ماوەیەک ڕاگوێزراوەکان ڕووبەڕووی چەندین کێشەی جۆراوجۆر بوونەوە، هۆکاری سەرەکی دروستبوونی ئەو کێشانەش ئەو جیاوازییە گەورە و بەرفراوانە بوو کە لە  نێوان ژینگەی گوندەکان و ئۆردوگا زۆرەملێکاندا هەبوو.

بەوشێوەیە ئەگەر جاران بە دابڕینی ناحیەیەک یان قەزایەک ئەویش دوای بوونی بە قەزا یان ژمارەیەک لە گوند سنووری ئیداری هەڵەبجە ڕووی لە بچووککردنەوە کردبێت، ئەوا ئەمجارەیان بە چۆڵکردنی گوندەکان پانتاییەکی گەورەی جوگرافی هەر لە سنووری هەڵەبجەدا لە دانیشتوانەکەی چۆڵکرا و لە ڕووبەرێکی زۆر بچووکدا کە خۆی لە ئۆردوگا زۆرەملێکاندا دەبینییەوە و زیاتر لە نزیک شارەکن یان لەسەر ڕێگا سەرەکییەکانی نێوان شارەکان دروستکرابوون کۆکرانەوە و نیشتەجێکران و ناوچە بنەڕەتییەکانی خۆشیان کران بە ناوچەی قەدەغەکراو. (مینە، ١٩٩٩: ١٩٨-١٩٩)

## باسی دووەم/ کاریگەری جەنگی ئێران ـ عێراق لەسەر گۆڕانکارییە کارگێڕییەکانی قەزای هەڵەبجە:

هەڵەبجە بەوپێیەی کە ناوچەیەکی سنوورییە، هەمیشە مێژووەکەی مەحکوم بووە بە جوگرافیاکەی، ڕوونتر بڵێین مێژووی شارەکە لەژێر کاریگەری جوگرافیاکەیدا بووە، ئەم حاڵەتە لە ساڵانی جەنگی ئێران ـ عێراقدا ڕوونتر دەردەکەوێت.

لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا باشووری کوردستان ڕووبەڕووی دوو جۆر لە شەڕ و ململانێ بووەوە، لەلایەک شەڕی نێوان بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و حکومەتی عێراق، لەلایەکی تر جەنگی هەشت ساڵەی ئێران ـ عێراق، هەردوو ڕووداوەکەش کاریگەری قوڵ و درێژخایەنیان لەسەر لایەنی کارگێڕی هەڵەبجە بەجێهێشت.

باڵادەستی و چالاکی زۆری هێزی پێشمەرگە لە سنوورەکەدا و نزیکی و هاوسنووری هەڵەبجە لەگەڵ ئێراندا وایکرد کە بە درێژایی ساڵانی جەنگی ئێران ـ عێراق سنووری هەڵەبجە ببێتە یەکێک لە مەیدانە گەرمەکانی شەڕ و ململانێکانی نێوان لایەنە بەشەڕهاتووەکان. (مینە، ١٩٩٩: ٢٠٥-٢١٢) ڕژێمیش ئەم دوو هۆکارەی قۆستەوە بۆ ئەو کۆمەڵە

بڕیار و ڕاسپاردانەی کە وەک سزا لەبارەی هەڵەبجەوە دەری دەکردن و سەرجەمیان بە زیانی شارەکە تەواوبوون. دەستپێکی ئەو بڕیارانەش بە ڕاگواستنی گوندی تەوێڵەی سەر بە ناحیەی بیارە وەک گەورەترین گوندی سنووری ئیداری قەزای هەڵەبجە دەستیپێکرد و بە خاپوورکردنی شارەکە و هەڵوەشاندنەوەی بە مەرسومێکی کۆماری کۆتایی هات. (عەلی، ٢٠١٨: ١٢٩-١٦٣، ٣٤٨-٣٦٩)

دەبێ بڵێین، پرۆسەی ڕاگواستنەکانی ئەمجارە ناحیەکانیشی گرتەوە، بەڵام ئەمجارەیان ڕاگوێزراوەکان دەبران بۆ ئەو ئۆردوگایانەی کە لە دەرەوەی سنووری ئیدارەی هەڵەبجە بوون، لەو چوارچێوەدا و لە دەستپێکی جەنگەکەدا هەردوو گوندی (تەوێڵە و بەڵخە) لە ناحیەی بیارە بۆ ئۆردوگاکانی نەسر و برایەتی لە نێوان عەربەت و زەڕایەن ڕاگوێزران، بەدوای ئەوانیشدا ناحیەی بیارە وەک یەکەمین ناحیەی قەزاکە و دوای دە ساڵ لە بەناحیەبوونی (١٩٨١) بۆ هەمان ئۆردوگا ڕاگوێزرا.( Resool, 1990 ; p158) درێژەی جەنگەکە بیانووی زیاتری دایە دەست ڕژێم بۆئەوەی پرۆسەی ڕاگواستنی گوند و ناحیەکان خێراتر بکات تا ئەوەی کە لە ڕێکەوتی ١٩٨٦/٦/١١دا بە ڕەسمی هەردوو ناحیەی بیارە و خورماڵی لەگەڵ ژمارەیەک ناحیەی تری سەر بە پارێزگاکانی تری عێراق هەڵوەشاندەوە، (غفور، ٢٠٠٨: ١٢٠-١٢١) ئەگەرچی بڕیاری ڕووخاندنی خورماڵ و ڕاگواستنی دانیشتوانەکەی بۆ ئۆردوگاکانی نەسر و ئاشتی کەوتە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٨٧. (عەلی، ٢٠١٨: ١٦١-١٦٢، ٥٥٩-٥٦٠)

بەهاتنی ساڵی ١٩٨٧ و بەتایبەتی دوای بوونی عەلی حەسەن مەجید بە لێپرسراوی بیرۆی باکووری حیزبی بەعس پرۆسەی ڕاگواستنی گوندەکان چووە قۆناغێکی نوێی مەترسیدارەوە، (عەلی، ٢٠١٨: ١٣٠-١٤٠) بەشێوەیەک بەپێی ئەو سەرژمێرییە کە حکومەتی عێراق لە ١٩٨٧/١٠/١٧ ئەنجامیدا، تەنها (١٨) گوند لە سنووری قەزای هەڵەبجەدا مابوونەوە و دانیشتوانەکەی ڕانەگوێزرابوون، (شەریف، ١٩٩٧: ٣) ئەوە لەکاتێکدا

ژمارەیان بەپێی ئاماری ساڵی ١٩٧٧ لە هەمان ئەو سنوورەدا (٢١٦) گوند بووە. (علاالدین، ٢٠٠٨: ١٢٣)

لەوەش زیاتر ئەگەر سەرنجێکی ورد بدەینە ئامارەکانی حکومەتی عێراقی نێوان ساڵانی (١٩٥٧–١٩٨٧)، ئەوا زۆر بەڕوونی ئەوە دەبینین کە لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانەدا سنووری جوگرافی هەڵەبجە چۆن بەردەوام ڕووی لە بچووکبوونەوە کردووە.

**خشتەی ڕووبەری قەزای هەڵەبجە لە ئامارەکانی نێوان ساڵانی (١٩٥٧–١٩٨٧)دا**

| ١٩٥٧ | ١٩٦٥ | ١٩٧٧ | ١٩٨٧ |
|---|---|---|---|
| ٣٢٩٤کم٢ (الجمهورية العراقية، المجموعة الاحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧: ٢) | ٢١٤٧کم٢(الجمهورية العراقية، نتائج التعداد العام للسكان ١٩٦٥، ١٩٧٣: ٣١) | ١٥٩٢کم٢ | ١٥٢٣کم٢(علاءالدين، ٢٠٠٨: ٢٣) |

ڕژێم هەر بەوانەوە دانەکەوت، سیاسەتەکانی وای دەردەخست پلانی چۆڵکردنی یەکجاری ناوچەکەی هەبێت، چونکە لە کۆی ئەو (١٨) گوندەی کە مابوونەوە، (١٣)ی دیکەیان بەر لە کیمیابارانی هەڵەبجە تێکدران و دانیشتوانەکەی ڕاگوێزران، بەوپێیەش بێت لەکاتی ڕوودانی کارەساتەکەدا تەنها ناوەندی قەزای هەڵەبجە و ناحیەکانی سیروان و شارەزوور و گوندەکانی (حەسەن ئاوا، بامۆک، عەبابەیلێ، جەلیلە و عەنەب) وەک ناوچەی ئاوەدانی مابوونەوە و ڕانەگوێزرابوون، دوای ڕووداوەکە ئەوانیش چۆڵکران و دانیشتوانەکەی ئاوارەبوون. (عەلی، ٢٠١٨: ١٦١) دواتریش بۆ سڕینەوەی یەکجاری هەڵەبجە، بە مەرسومێکی کۆماری (١٩٨٨/١٠/١٠) قەزای هەڵەبجە هەڵوەشێنرایەوە و شارۆچکەیەکی نوێ

بەناوی (ناحیەی هەڵەبجە) لەبری ئەو دروستکرا و بەسترایەوە بە قەزای برایەتییەوە، (قادر وجامباز، ٢٠١٣، ل٢١٨ ؛ غفور،٢٠٠٨، ل١٢٧-١٢٨) بەڵام دواتر شارۆچکەکە لە ناحیەوە کرا بە قەزا و ناونرا (صدامیە حلبجە)، بۆ سڕینەوەی یەکجاری ناحیەی شارەزووریش(١٨) (چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ سەلاح سالار، سەیدصادق، ٢٠١٨/٨/٢٠) ناوەکەی لێوەرگیرایەوە و درا بە ناحیەی زەڕایەن، ناحیەکەش لە دەربەندیخان دابڕێنرا و بەسترایەوە بە قەزا نوێیەکەوە (صدامیە حلبجە)(١٩٨٩/٦/٢٨).(قادر وجامباز، ٢٠١٣، ل٢٢٤ ؛ غفور،٢٠٠٨، ل١٢٨)

بەوشێوەیە هەڵەبجە وەک شارێکی مێژوویی سەدان ساڵە لەگەڵ تەواوی سنوورە جوگرافییەکەیدا لەسەر نەخشەی عێراق سڕایەوە و ناوچەکەش کرا بە ناوچەیەکی سەربازی قەدەغەکراو، بەشێوەیەک بوار بە هیچ کەسێکی سڤیل نەدەدرا کە بگەڕێتەوە بۆ سەر ماڵ و زێدی ڕەسەنی خۆی هەتا دوای ڕاپەڕینەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ و پاشەکشەی سوپا و دامودەزگاکانی حکومەتی عێراق لە ناوچەکەدا.

## ئەنجامەکان

ئێمە دوای ئەنجامدانی ئەم توێژینەویە، گەیشتووین بەم دەرئەنجامانەی لای خوارەوە:

١- جوگرافیای هەڵەبجە لە ڕابردووی دوور و نزیکیدا کاریگەری دیار و بەرچاوی لەسەر مێژووی شارەکە داناوە، ڕوونتر بڵێین هەروەک چۆن ئاوەدانکردنەوە و گەشەکردنی پەیوەندی بە لەباریی و گونجاوی ناوچەکەوە هەبووە بۆ ژیان و دواتر پەرەسەندنی، بەهەمان شێوەش کردبووی بە بەرداشتی هێزە ناوخۆیی و هەرێمییەکان، بەوهۆیەشەوە زیانی گەورە بە شارەکە و سنوورەکەی گەیشتووە.

٢. ئەگەرچی هەڵەبجەی ئەمڕۆ سەرەتای بنیاتنانەوەی بۆ سەرەتاکانی سەدەی هەژدە دەگەڕێتەوە، چونکە سەرچاوە مێژووییەکان بەر لەو قۆناغە ناوی جێگایەک یان شارێک بەناوی هەڵەبجە یان ئەڵەبجە نابەن و ناهێنن، ئەوە سەرباری ناوهێنانی ژمارەیەکی زۆر لە شوێن و ئاوەدانی ناوچەکە، بەڵام گەشەکردن و پەرەسەندنی شارەکە لە هەر شتێک زیاتر پەیوەندی بەهاتن و نیشتەجێبوونی عەشیرەتی جاف و پاشا و بەگزادەکانی ئەو عەشیرەتەوە هەبووە، تەنانەت یەکەمین قایمقام کە بۆ شارەکە دیاری کرابێت سەرۆکی عەشیرەتی ناوبراو بووە.

٣. هەڵەبجە چ وەک ناو چ وەک سنووری جوگرافی لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە، ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە بە وردی ئاماژەی بەو گۆڕانکارییە مێژووییانە کردووە.

٤. دوای کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی تورکەکان و هاتنی ئینگلیزەکان بۆ ناوچەکە، ئەوانیش لەپێناو بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکان و ئاسانکاریکردن بۆ ئیشوکارەکانی خۆیان هەیکەلی ئیداری ناوچەکەیان سەرلەنوێ ڕێکخستەوە، لەو چوارچێوەیەدا گۆڕانکاری گەورەیان بەسەر ئەو دابەشکردنە کارگێڕییەی هەڵەبجەدا هێنا، کە بە میرات لە دوای تورکەکانەوە بۆیان مابووەوە.

٥. لە سەردەمی پاشایەتیدا ژمارەیەکی کەم گۆڕانکاری بەسەر سنووری کارگێڕی هەڵەبجەدا هات، ئەوانیش زیاتر هەر لە چوارچێوەی سنووری جوگرافی قەزاکەدا بوون.

٦. گەورەترین گۆڕانکاری ئیداری کە بەسەر سنووری کارگێڕی هەڵەبجەدا هاتبێت  لە سەردەمی کۆماریدا بووە، بەوپێیەی کە سێ ناحیەی سەر بە هەڵەبجە بوون بە قەزا و یەکەی کارگێڕی سەربەخۆ و لە هەڵەبجە دابڕێنران، هەروەک سەدان گوند بە هۆکار و بیانووی جیاجیا لەو ماوەیەدا ڕاگوێزران بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان و ناوچەکەیان کرا بە وێرانە.

٧ـ دوا گورزیش کە بەر قەزای هەڵەبجە کەوتبێت، بریتی بوو لە هەڵگیرسانی جەنگی ئێران ـ عێراق، جەنگێک کە تەواوی سنووری جوگرافی شارەکەی تیادا بوو بە قوربانی، بەشێوەیەک پرۆسەکە لە دەستپێکیدا بە ڕاگواستنی شارەدێی تەوێڵە وەک گەورەترین گوندی سەر بە قەزاکە و دواجاریش خاپوورکردنی هەڵەبجە و سڕینەوەی یەکجاری شارەکە و سنوورە جوگرافییەکەی لەسەر نەخشەی عێراق کۆتایی هات.

## ڕاسپاردەکان

١ـ هەر گۆڕانکارییەکی کارگێڕی لە سنووری هەڵەبجەدا ڕوویدابێت لەو ماوەی  کە ئێمە لێی دواوین کۆمەڵێک دەرهاویشتە و ڕەهەندی دیکەی هەیە، دەکرێت توێژەران بەپێی پسپۆڕییان توێژینەوەی وردتر لەسەر ئەو بوارانە ئەنجام بدەن.

٢ـ دەکرێت هەر یەکێک لەو یەکەکارگێڕییانەی کە لە سنووری هەڵەبجەدا بوون، لێکۆڵینەوەی بابەتی وردیان لەسەر بکرێت، تا لەو ڕێگەیەوە ئاشنای گۆڕانکارییەکانی ناو و ناونیشان و سنووری کارگێڕییان...هتد ببین.

٣ـ دەبێت تایبەتمەندی ئەو قۆناغە مێژووییانە لەبەرچاو بگیرێت کە گۆڕانکارییەکان تیایاندا ڕوویانداوە، چونکە پاڵنەرەکانی ئەو گۆڕانکارییانە زۆر و جۆراوجۆر بوون و ناکرێت بەیەک چاو تەماشا بکرێن.

٤ـ لە لێکۆڵینەوە جیاوازەکاندا سەبارەت بەم ناوچە جوگرافییە، زۆر گرنگە هەڵکەوتەی جوگرافی ناوچەکە لەبەرچاو بگیرێت، چونکە سەرلەبەری گۆڕانە مێژووییەکانی لەژێر کاریگەری جوگرافیاکەیدا بووە.

٥- دەبێت یاسایەک یان بڕیارێکی تایبەت لە پەرلەمان و حکومەتی نوێی عێراقەوە دەربکرێت بۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی سەدام حوسەین سەبارەت بە هەڵەبجە و ناحیەکانی، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەو بڕیارە دەرنەکراوە.

## پەراوێزەکان

١- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ساڵنامەی ویلایەتی بەغداد(١٢٩٢کۆچی)، دفعه١، مطبه ویلایت بغداد، ل١٠٠، ١٣١، ١٥٦ ؛ ساڵنامەکانی ویلایەتی موسڵ: ١٣٠٨ک، ل١٥٢-١٥٣ ؛ ١٣١٠ک، ل٢١٥ ؛ ١٣١٢ک، ل١٨٤ ؛ ١٣٢٥ک، ل٢٢٩ ؛ سالنامه دوله عليه عثمانيه، ١٣٢٣ک، ل٩٦٩ ؛ سالنامه دوله عليه عثمانيه، سلانیک مطبەسی، ١٣٢٨ک، ل٨٠٧ ؛ سالنامه دوله عليه عثمانيه(١٣٣٣-١٣٣٤)، هلال مطبەسی- باب عالى قارشوسنده، ل٧٠٢ ؛ عبدالفتاح علي يحى: سالنامات الموصل العثمانية مصدرا لدراسة تاريخ السليمانية، مجلة جامعة دهوك١، العدد(٢)، ٢٠٠٠، ل٤٧ ؛ عبدالعظيم عباس نصار: م.س، ل٢٦١ ؛ شمس الدين سامى فراشرى: قاموس الاعلام، دردنجى جلد، ميهران مطبەسی، استانبول، ١٣١١هـ ل٢٦٢٢ ؛ شمس الدين سامى فراشرى: قاموس الاعلام، بيشنجى جلد، ميهران مطبەسی، استانبول، ١٣١٤هـ ل٣٨٧٦ ؛ شمس الدين سامى فراشرى: قاموس الاعلام، التنجى جلد، ميهران مطبەسی، استانبول، ١٣١٦هـ ل٤٤٨٤ ؛ کوردستان لە چاپکراوە عوسمانییەکاندا، و.فەیسەڵ دەباغ، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر،٢٠٠٤، ل١٣٥ ؛ حسين نازم: مێژووی میرایەتی بابان، و.حسێن حەسەن کەریم و سدیق ساڵح، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٤٨ ؛ د.عەبدولعەزیز سلێمان نوار: مێژووی نوێی عێراق (لە کۆتایی حوکمی داود پاشاوە تا کۆتایی حوکمی مەدحەت پاشا، و.عوسمان عەزیز عەللاف، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٣٥٤ ؛ محەمەد ئەمین زەکی بەگ: تاریخی سلێمانی وە وڵاتی، ب٣، چ٢، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل١٤٨، ١٥٣ ؛ مامۆستا جەعفەر (فازیل کەریم ئەحمەد): شاری سلێمانی ململانێی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان ١٨٢٠-١٩٢٠، چ٢، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٢٣٤.

٢. گومانی تێدا نییە کە مەبەست لە گوڵعەنبەر و جاف تەنها هەڵەبجەیە، بەوپێیەی لە دوای بوونی بە قەزا، هەڵەبجە لە تۆمارەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا وەک لەم توێژینەوەیەدا بەوردی باسی لێوەکراوە بە قەزای گوڵعەنبەر نێودەبرا و دەنوسرا، هەرچی سەبارەت بە (جاف)یشە لەبەرئەوەی پاشا و بەگزادەکانی هەڵەبجە بۆماوەی چەندین دەیە قایمقامی هەڵەبجە بوون پێ ئەچێت هەرئەوە هۆکاری ناوهێنانی بووبێت بەشێوەی قەزای(جاف)، ئەگەر ئەوەش بزانین یەکەم قایمقامی هەڵەبجە (محەمەد پاشای جاف) بووە. بڕوانە: کەریم بەگی فەتاح بەگ: س.پ، ل١٧٢.

٣. تا ساڵی ١٩١٩ گوندی گێڵدەرە ناوەندی ناحیەی سرۆچک بوو، دوای ڕووخانی حکومەتی یەکەمی شێخ مەحمود، ئەوڕەحمان ئاغای برای ڕەزابەگ کرا بە بەڕێوەبەری ناحیەکە و ناوەندی ناحیەکەش لە گێڵدەرەوە گوازرایەوە بۆ بەرزنجە. (محەمەد ڕەسوڵ هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب٢، لەندەن، ١٩٩١، ل١٤١)

٤. پێنجوێن ناوەندی ناحیەی قزڵجە بووە.(ساڵنامەی ویلایەتی موصل(١٣٢٥هـ)، مطبعه ویلایتد طبع اولنمشدر، ل٢٣٠)

٥. ساڵنامە وشەیەکی فارسییە لە دوو بەش پێکدێت، ساڵ لەگەڵ نامە، بە کورتی بە واتای ڕاپۆرتی ساڵانە یاخود نوسراوی ساڵانە دێت، ساڵنامەکان زانیاری زۆر لەبارەی بارودۆخی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کارگێڕی دامودەزگاکانی دەوڵەتی عوسمانی و ویلایەتەکانی لەخۆدەگرن، ساڵنامەکان دابەش دەکرێن بۆ سێ جۆر: یەکەمیان گشتییە و لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە لە ئەستەمبوڵ دەردەچوو، دووەمیان تایبەت بوو بە ئەوانەی کە لەلایەن هەندێک وەزارەت و فەرمانگەی دەوڵەتەوە دەردەکران، سێیەمیان لە ویلایەتەکانی دەوڵەتی عوسمانی دەردەچوون و تایبەت بوون بە ویلایەتەکانەوە، بەنمونە ساڵنامەکانی ویلایەتی بەغداد، موسڵ و بەسرە.(عبدالعظیم عباس نصار: م.س، ل١٢ ؛ م.م بان راوی شلتاغ الحمیداوی: م.س، ل١٩٤، هـ ٤٧)

٦- بڕوانە: سالنامە١٢٧٢ه، دفعه(١٠)، ل١٠٥ ؛ سالنامە١٢٧٣ه ، دفعه(١١)، ل١١١ ؛ سالنامە، ١٢٧٤ه، ل١١٩ ؛ سالنامە ١٢٧٦ه، دفعه(١٤)، ل١٤٩ ؛ سالنامە ١٢٧٨ه، ل١٥٥ ؛ سالنامە١٢٨٠ه، دفعه(١٨)، ل١٨٦.

٧- بڕوانە: سالنامە،(١٢٨٦ه)، دفعه(٢٤)، ل٢٠٣، سالنامە(١٢٨٧ه)، دفعه(٢٥)، ل٢٢٣ ؛ سالنامە(١٢٨٨ه)، دفعه(٢٧)، ل٢٥٢ ؛ سالنامە(١٢٨٩ه)، دفعه(٢٧)، ل٢٥٥ ؛ سالنامە(١٢٩٠ه)، دفعه(٢٨)، ل٢٥٤ ؛ سالنامە(١٢٩١ه)، دفعه(٢٩)، ل٢٥٤ ؛ سالنامە(١٢٩٢ه)، ل٢٥٣.

٨- بڕوانە: سالنامە دولت علیه عثمانیه(١٢٩٣ه)، ل٢٥٢ ؛ سالنامە(١٢٩٤ه)، ل٥٠٢ ؛ سالنامە(١٢٩٥ه)، ل٤٠٨ ؛ سالنامە دولت علیه عثمانیه(١٢٩٦ه)، دفعه(٣٤)، ل١٨٦ ؛ سالنامە دولت علیه عثمانیه(١٢٩٧ه)، دفعه(٣٥)، مطبعه عامره ده اولنمشدر، استانبول، ل٢٥٩ ؛ سالنامە دولت علیه عثمانیه(١٣٠٠ه)، دفعه(٣٨)، مطبعه ابوالضیاء، قسطنطینیه، ل٣٢٩.

٩- بڕوانە: سالنامە،(١٢٨٣ک)، دفعه(٢١)، ل١٧٣ ؛ سالنامە،(١٢٨٤ک)، دفعه(٢٢)، ل١٨٤ ؛ سالنامە،(١٢٨٥ک)، دفعه(٢٣)، ل١٩٠.

١٠- بڕوانە: سالنامە دولت علیه عثمانیه(١٢٩٨ه)، دفعه(٣٦)، محمود بک مطبعه سنده طبع اولنمشدر، استانبول، ل٨٧ ؛ سالنامە دولت علیه عثمانیه(١٢٩٩ه)، دفعه(٣٧)، محمودبک مطبعه سنده طبع اولنمشدر، استانبول، ل٧٨، ١٣٤ ؛ سالنامە دولت علیه عثمانیه(١٣٠١ه)، دفعه(٣٩)، ل٥٦ ؛ سالنامە دولت علیه عثمانیه(١٣٠٢ه)، دفعه(٤٠) مطبعه عثمانیه طبع اولنمشدر، استانبول، ل٧٤-٧٥ ؛ سالنامە دولت علیه عثمانیه(١٣٠٣ه)، دفعه(٤١) محمودبک مطبعه سی، ل٦٧ ؛ سالنامە دولت علیه عثمانیه(١٣٠٤ه)، دفعه(٤٢)، ل٦٩ ؛ سالنامە دولت علیه عثمانیه(١٣٠٥ه)، دفعه(٤٣)، محمودبک مطبعه سی، ل٦٥.

١١- بڕوانە: ١٣٠٨ه، ل١٥٣ ؛ ١٣١٠ه، ل٢١٦ ؛ ١٣١٢ه، موصل ولایتی مطبعه سنده باصلمشدر، ل١٨٥ ؛ ١٣٢٥ه، مطبعه ویلایتده طبع اولنمشدر، ل٢٢٩-٢٣٠ ؛ ١٣٣٠ه، مطبعه سنده طبع اولنمشدر، موصل، ل٣١٠.

١٢. ئەم ناحیەیە لە ئێستادا نەماوە و ساڵنامەکانیش ئاماژەیان بەوە نەکردووە کە ناوەندی ناحیەکە کوێ بووە، تەنها ئەوەندە هەیە کە شێخ ئیسماعیلییەکان یەکێکن لە تیرە گەورەکانی عەشیرەتی جاف، ئەم تیرە بە پلەی یەکەم لە گوندی شانەدەری نزیک قەزای سەیدصادق نیشتەجێن، هەروەها بەبڕ و ڕێژەی کەمتر لە گوندەکانی: سەراوی سوبحان ئاغا، گرێزە، کانی پانکە و چەند گوندێکی تری نزیک سەیدصادق بوونیان هەیە. (توێژەر)

١٣. بڕوانە ساڵنامەکانی: ١٣٠٦ک، ل٤٥٨ ؛ ١٣٠٧ک، مطبعه عامره ده طبع اولنمشدر، ل٤٧٨ ؛ ١٣٠٨ک، مطبعه عامره ده طبع اولنمشدر، ل٤٦٩ ؛ ١٣٠٩ک، مطبعه عامره ده طبع اولنمشدر، ل٤٩٥ ؛ ١٣١٠ک، مطبعه عامره ده طبع اولنمشدر، ل٥٠٥ ؛ ١٣١١ک، مطبعه عامره ده طبع اولنمشدر، ل٥٣٥ ؛ ١٣١٢ک، مطبعه عامره ده طبع اولنمشدر، ل٥٥١ ؛ ١٣١٣ک، مطبعه عامره ده طبع اولنمشدر، ل٥٨٢-٥٨٣ ؛ ١٣١٤ک، مطبعه عثمانیه، ل٥٩٤-٥٩٥ ؛ ١٣١٥ک، عالم مطبعه سی، ل٣٧٠ ؛ ١٣١٦ک، محمودبک مطبعه سی، ل٤٢٨ ؛ ١٣١٧ک، مطبعه عامره، ل٤١٤ ؛ ١٣١٨ک، محمودبک و سرویچه مطبعه لری، ل٤٦٠ ؛ ١٣١٩ک، طاهربك مطبعه سی، ل٥٠٨ ؛ ١٣٢٠، دار الطباعه العامره، ل٥٣١ ؛ ١٣٢١ک، عالم مطبعه سی، ل٥٨١ ؛ ١٣٢٢ک، مطبعه احمد احسان وشرکاسی، ل٥٩٣ ؛ ١٣٢٣ک، مطبعه احمد احسان، ل٦٦١ ؛ ١٣٢٤ک، ل٧٢٥ ؛ ١٣٢٥ک، مطبعه احمد احسان، ل٧٢١ ؛ ١٣٢٦سنه هیجریه سنه مخصوص، مطبعه احمد احسان، ل٧٢٩ ؛ ١٣٢٦ سنه مالیه، سلانیک مطبعه سی، ل٧٥٥.

١٤. مەبەستی هەڵەبجەیە، وادیارە ناوی شارەکە بەناوی (محەمەد پاشای جاف)ەوە تۆمارکراوە، بەڵام لەبری ئەوەی بنوسێت (حەمە پاشا یان محەمەد پاشا) نوسەری ئەم بابەتە بە (حاڵپاشا) تۆماری کردووە. (توێژەر)

١٥. وارماوا وەک لە ساڵنامەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا هاتووە ناوێکی دیکەشی هەبووە کە بریتی بووە لە خوڕەم ئاباد. بڕوانە: سالنامه(١٢٧٢ه)، دفعه(١٠)، ل١٠٥ ؛ سالنامه(١٢٧٣ه)، دفعه(١١)، ل١١١، سالنامه(١٢٧٤ه)، دار الطباعه العامره، ل١١٩ ؛ سالنامه(١٢٧٦ه)، دفعه(١٤)، ل١٤٩ ؛ سالنامه(١٢٧٧ه)، دفعه(١٥)، ل١٥٤ ؛ سالنامه(١٢٧٨ه)، دار الطباعه العامره، ل١٥٥ ؛ سالنامه(١٢٧٩ه)، دفعه(١٧)، دار

الطباعه العامره، ل١٦٣ ؛ سالنامه(١٢٨٠ه)، ل١٦٢ ؛ سالنامه(١٢٨١ه)، دفعه(١٩)، دار الطباعه العامره، ل١٩٠ ؛ سالنامه(١٢٨٢ه)، دفعه(٢٠)، دار الطباعه العامره، ل١٧٨.

١٦. لە سەرەتادا گوندی فەقێ جنە ناوەندی ناحیەی وارماوا بوو، گوندەکە دەکەوێتە دامێنی چیای بەرانان بە ڕووی قەزای دەربەندیخان دا، تەنها دوو کیلۆمەتر لە قەزاکەوە دوورە(توێژەر).

١٧. ئەو گوندانە دەکەونە ناوچەکانی: شەمێران و تاوگۆزیی و ناحیەی بەمۆی ئەمڕۆ و گوندی لاورانی سەر بە عەشیرەتی ئیمامی، لەکاتی پڕۆسەی ڕاگواتنیشیاندا بەشێکی زۆریان بەتایبەتی گوندەکانی ناحیەی بەمۆ و ناوچەی تاوگۆزی بۆ ئۆردووگای زۆرەملێی زەڕایەن (دەکەوێتە سەر ڕێگای گشتی سلێمانی - دەربەندیخان) ڕاگوێزران نەک بۆ ئۆردووگاکانی سنووری ئیدارەی هەڵەبجە. (توێژەر)

١٨. ناحیەی شارەزوور(سەیدصادق) ئەگەرچی بەر شاڵاوی هێرش و بۆردومانی کیمیایی نەکەوت و لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمدا مایەوە، سەرباری ئەوەش تەنها سێ ڕۆژ دوای ڕووداوەکە لەژێر فشاری دام و دەزگا سەربازییەکانی ڕژێمدا بەتەواوی چۆڵکرا و خەڵکەکەی بۆ ئۆردووگاکانی نەسر و برایەتی ڕاگوێزران و ناحیەکەش لەگەڵ زەویدا یەکسان کرا. (چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ سەلاح سالار، سەیدصادق، ٢٠١٨/٨/٢٠)

## سەرچاوەکان

**کتێب:**

**یەکەم/ کوردی:**


- ئەحمەد خواجە: چیم دی، بەرگی دووەم، چاپخانەی شەفیق، بەغدا، ١٩٦٩.
- ئەمین قادر مینە: ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسییان(تەرحیل، تەعریب، تەبعیس)، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ١٩٩٩.
- بێ ناوی نوسەر: کوردستان لە چاپکراوە عوسمانییەکاندا، و. فەیسەڵ دەباغ، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر،٢٠٠٤.
- پشکۆ حەمەتاهیر: شاری کەرکوک لە نێوان ساڵانی (١٩١٧-١٩٢٦)، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٧.
- حسێن نازم بەگ: مێژووی میرایەتی بابان، و.حسێن حەسەن کەریم و سدیق ساڵح، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١٣.
- خالید مەحمود کەریم: دەوڵەتی عوسمانی و عەشیرەتە کوردەکان لە کوردستانی باشوور (١٨٦٩–١٩٢١)، سلێمانی، ٢٠١٢.
- ڕەفیق ساڵح(ئامادەکردن): ڕۆژنامەی ژیان ژ(١-٨١)، لێکۆڵینەوەی صدیق ساڵح، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.
- سدیق ساڵح: حکومەتی کوردستان(١٩١٨–١٩٢٤)، چاپی دووەم، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٦.
- شاکر فەتاح: ئاوێنەی ژیانم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٣.
- عادل صدیق: هەڵەبجە(١٨٨٩–١٩٣٠)، چاپی یەکەم، چاپ و پەخشی نوسەر، سلێمانی، ٢٠٠٨.

- عادل صدیق عەلی: کۆمەڵکوژی کورد لە جەنگی عێراق ـ ئێراندا، هەڵەبجە(١٩٨٨/٣/١٦) بەنمونە، چاپخانەی ڕێنوێن، ٢٠١٨.
- دکتۆر عەبدوڵڵا عەلیاوەیی: کوردستان لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە تا جەنگی یەکەمی جیهان)، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سلێمانی، ٢٠٠٤.
- عەبدلعەزیز سلێمان نوار: مێژووی نوێی عێراق (لە کۆتایی حوکمی داود پاشاوە تا کۆتایی حوکمی مەدحەت پاشا، و.عوسمان عەزیز عەللاف، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی، ٢٠١٢.
- عومەر خدر خدر: میرنشینی ئەردەڵان لە نێوان ساڵانی (١٧٩٩–١٨٦٧ز)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٤.
- کەریم بەگی فەتاح بەگ: تەئریخی جاف: لێکۆڵینەوەی د.حەسەن جاف، دارالکتب والوثائق، بەغداد، ١٩٩٥.
- کلۆدیۆس جیمس ڕیچ: گەشتی ڕیچ بۆ کوردستان ١٨٢٠، وەرگێڕانی. حەمەی حەمەباقی، چاپی یەکەم، تەورێز- ئێران،١٩٩٢.
- گۆران ئیبراهیم ساڵح: کەرکوک لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا لە نێوان ساڵانی (١٨٧٦–١٩٠٩)، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، ٢٠٠٧.
- مامۆستا جەعفەر: شاری سلێمانی ململانێی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان(١٨٢٠–١٩٢٠)، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٦.
- مەستوورەی کوردستانی: مێژووی ئەردەڵان، وەرگێڕانی.مامۆستا هەژار، چاپی دووەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥.
- محەمەد ئەمین زەکی بەگ: تاریخی سلێمانی وە وڵاتی، بەرگی سێیەم، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٥.
- محەمەد ڕەسوڵ هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم، لەندەن، ١٩٩١.
- مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: یادی مەردان(مەولانا خالیدی نەقشبەندی)، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١١.

- نەجاتی عەبدوڵڵا: کوردستان و کێشەی سنووری عوسمانی ـ فارسی (١٨٤٧-١٦٣٩)، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١.
- نەوشیروان مستەفا ئەمین، میرایەتی بابان لە نێوان بەرداشی ڕۆم و عەجەمدا، چاپی دووەم، چاپخانەی خاک، سلێمانی، ١٩٩٨.

**دووەم/ عەرەبی:**

- الوقائع العراقية، العدد(٣٧١٥)، ١٩٥٥/١٠/٢٢.
- الوقائع العراقية، العدد(٢٦٣)، ١٩٥٩/١١/٢٤.
- الوقائع العراقية، عدد(٤٤١)، ١٩٦٠/٩/١٨.
- الجمهورية العراقية، وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الاحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧، لواء السليمانية وكركوك، مطبعة العاني، بغداد.
- الجمهورية العراقية، وزارة الداخلية(مديرة الداخلية العامة): الموسوعة الاحصائية عن التقسيمات الادارية في الجمهورية العراقية، وامشاريع المنجزة خلال ثلاث سنوات في عهد الثورة المباركة، مطبعة الادارة المحلية، بغداد، ١٩٦٢.
- الجمهورية العراقية، وزارة الداخلية، مديرية تسجيل الاحوال المدنية العامة، مديرية الشعبة الفنية، دليل التعداد السنة ١٩٦٥، مطبعة شركة دار الجمهورية، بغداد.
- الجمهورية العراقية، وزارةت الداخيلة، مديرية تسجيل الاحوال المدنية العامة، مديرية الشعبة الفنية، دليل التعداد العامة للسنة ١٩٦٥، مطبعة شركة دار الجمهورية ـ بغداد.
- الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي الاحصاء، دائرة احصاوات السكان والقوي العاملة، نتائج التعداد العام للسكان ١٩٦٥، مطبعة الجهاز المركزي للاحصاء، بغداد، ١٩٧٣.
- الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهازي المركزي الاحصاو، نتائج ترقيم المباني وحصر السكان لسنة ١٩٧٧، تشرين الاول ١٩٧٧.
- دكتور خليل اينالجيك: تاريخ الدولة العثمانية من النشوء الي الانحدار، ت.محمد.م.الارناؤوط، طبعة الاولى، دارالمدار الاسلامي، بيروت ـ لبنان، ٢٠٠٢.
- ستيڤن هيمسلي لونگريك: اربعة قرون من تاريخ العراق الحديث، ترجمه. جعفر الخياط، طبعة الرابعة.

- دكتور جبار قادر وطارق جامباز: قرارات مجلس قيادة الثورة المنحل الخاصة بالكرد وكردستان، مطبعة الحاج الهاشم، اربيل، ٢٠١٣.
- عبدالعظيم عباس نصار: بلديات العراق في لاعهد العثماني(١٥٣٤-١٩١٨)، طبعة الاولى، المكتبة الحيدرية، ٢٠٠٥.
- دكتورعبدالله غفور: التشكيلات الادارية في جنوبي كوردستان(١٩٢١-٢٠٠٧)، ط٢، اربيل، ٢٠٠٨.
- عطاء محمد علاالدين: قضاء هەڵەبجە، طبعة الاولى، مطبعة تيشك، مركز الدراسات الكردية(كوردۆلۆجی)، السليمانية، ٢٠٠٨.
- محمد خورشيد باشا: رحلة الحدود بين الدولة العثمانية وايران، ت.مصطفى زهران، طبعة الاولى، القاهرة، ٢٠٠٩، ص٢٩٠-٢٩٧.
- محمد علي قرداغي: الشيخ عبدالله الخرباني من خلال مخطوطات مكتبته، مطبعة مجمع العلمى الكردى، بغداد، ١٩٧٤.
- وزارة الحكم المحلي: الدليل الاداري للجمهورية العراقية(١٩٨٩/١٤٠٩ - ١٩٩٠/١٤١٠).

**سێیەم/ توركی:**

- سالنامه(١٢٧٢هـ)، دفعه(١٠).
- سالنامه(١٢٧٣هـ)، دفعه(١١).
- سالنامه(١٢٧٤هـ)، دفعه(١٢).
- سالنامه (١٢٧٦هـ)، دفعه(١٤).
- سالنامه(١٢٧٧هـ)، دفعه(١٥).
- سالنامه (١٢٧٨هـ)، دفعه(١٦).
- سالنامه(١٢٧٩هـ)، دفعه(١٧)، دار الطباعه العامره.
- سالنامه(١٢٨٠هـ)، دفعه(١٨).
- سالنامه(١٢٨١هـ)، دفعه(١٩)، دار الطباعه العامره.
- سالنامه(١٢٨٢هـ)، دفعه(٢٠)، دار الطباعه العامره.
- سالنامه(١٢٨٣هـ)، دفعه(٢١).
- سالنامه(١٢٨٤هـ)، دفعه(٢٢).
- سالنامه(١٢٨٥هـ)، دفعه(٢٣).
- سالنامه(١٢٨٦هـ)، دفعه(٢٤).

- سالنامه(١٢٨٧هـ)، دفعه(٢٥).
- سالنامه(١٢٨٨هـ)، دفعه(٢٦).
- سالنامه(١٢٨٩هـ)، دفعه(٢٧).
- سالنامه(١٢٩٠هـ)، دفعه(٢٨).
- سالنامه(١٢٩١هـ)، دفعه(٢٩).
- سالنامه(١٢٩٢هـ)، دفعه(٣٠).
- سالنامه (١٢٩٤هـ)، دفعه(٣٢).
- سالنامه (١٢٩٥هـ)، دفعه(٣٣).
- ساڵنامەی ویلایەتی بەغداد(١٢٩٢هـ)، دفعه(١)، مطبعه ویلایت بغداد.
- سالنامه دولت علیه عثمانیه:
- ١٢٩٣هـ.
- ١٢٩٦هـ، دفعه(٣٤).
- ١٢٩٧هـ، دفعه(٣٥)، مطبعه عامره ده اولنمشدر، استانبول.
- ١٣٠٠هـ، دفعه(٣٨)، مطبعه ابوالضياء، مقسطنطينيه.
- ١٢٩٨هـ، دفعه(٣٦)، محمود بك مطبعه سنده طبع اولنمشدر، استانبول.
- ١٢٩٩هـ، دفعه(٣٧)، محمود بك مطبعه سنده طبع اولنمشدر، استانبول.
- ١٣٠١هـ، دفعه(٣٩).
- ١٣٠٢هـ، دفعه(٤٠) مطبعه عثمانيه طبع اولنمشدر، استانبول.
- ١٣٠٣هـ، دفعه(٤١) محمود بك طبعهسى.
- ١٣٠٤هـ، دفعه(٤٢).
- ١٣٠٥هـ، دفعه(٤٣)، محمود بك مطبعەسى.
- ١٣٠٦هـ.
- ١٣٠٧هـ، مطبعه عامره ده طبع اولنمشدر.
- ١٣٠٨هـ، مطبعه عامره ده طبع اولنمشدر.
- ١٣٠٩هـ، مطبعه عامره ده طبع اولنمشدر.
- ١٣١٠هـ، مطبعه عامره ده طبع اولنمشدر.
- ١٣١١هـ، مطبعه عامره ده طبع اولنمشدر.
- ١٣١٢هـ، مطبعه عامره ده طبع اولنمشدر.
- ١٣١٣هـ، مطبعه عامره ده طبع اولنمشدر.
- ١٣١٤هـ، مطبعه عثمانيه.
- ١٣١٥هـ، عالم مطبعهسى.

- ١٣١٦هـ ، محمودبك مگبەسی.
- ١٣١٧هـ ، مطبعه عامره.
- ١٣١٨هـ ، محمودبك و سرويچه مطبعەلری.
- ١٣١٩هـ ، طاهربك مطبعەسی.
- ١٣٢٠هـ ، دار الطباعه العامره.
- ١٣٢١هـ ، عالم مطبعه سی.
- ١٣٢٢هـ ، مطبعه احمد احسان وشركاسی.
- ٩٣- ١٣٢٣هـ ، مطبعه احمد احسان.
- ١٣٢٤هـ .
- ١٣٢٥هـ ، مطبعه احمد احسان.
- ١٣٢٦سنه هيجريه سنه مخصوص، مطبعه احمد احسان.
- ١٣٢٦ سنه ماليه، سلانيك مطبعهسی.
- ١٣٢٧هـ ، سلانيك مطبعه سی.
- ١٣٢٨هـ ، سلانيك مطبعه سی.
- ١٣٣٣-١٣٣٤هـ ، هلال مطبعەسی – باب عالی قارشوسنده.
- سالنامه ويلايت موصل:
- ١٣٠٨هـ .
- ١٣١٠هـ .
- ١٣١٢هـ ، موصل ولايتی مطبعه سنده باصلمشدر.
- ١٣٢٥هـ ، مطبعه ويلايتده طبع اولنمشدر.
- ١٣٣٠هـ ، مطبعەسنده طبع اولمنمشدر، موصل.
- شمس الدين سامي فراشری: قاموس الاعلام، دردنجی جلد، ميهران مطبەسی، استانبول، ١٣١١هـ .
- شمس الدين سامی فراشری: قاموس الاعلام، بيشنجی جلد، ميهران مطبعهسی، استانبول، ١٣١٤هـ .
- شمس الدين سامی فراشری: قاموس الاعلام، التنجی جلد، مهران مطبعهسی، استانبول، ١٣١٦هـ .


**چوارەم/ ئینگلیزی:**


- Shorsh m.  Resool: Destruction of a nation, First Printing, U.S.A, July1990.

**گۆڤار:**

**یەکەم/ کوردی:**

- سامان سەلاح: هەڵەبجە لە چەند بەڵگەنامەیەکی ئەرشیفی عوسمانیدا، گۆڤاری خاڵ، ژ(١٢)، ٢٠١٧.
- محەمەد غەفور شەریف: ساڵنامەی هەڵەبجە، ساڵنامەی کۆمەڵەی ژیانەوەی هەڵەبجە، ژ(١)، سلێمانی، ١٩٩٧/٣/١٦.

**دووەم/ عەرەبی**

- عبدالفتاح علی یحی: سالنامات الموصل العثمانیة مصدرا لدراسة تاریخ السلیمانیة، مجلة جامعة دهوك، العدد(٢)، ٢٠٠٠.

**ڕۆژنامە:**

- پێشکەوتن
- ژ(١)، ١٩٢٠/٤/٢٩.
- ژ(٤)، ١٩٢٠/٥/٢٠.
- ژ(٩)، ١٩٢٠/٦/٢٤.
- ژ(١٧)، ١٩٢٠/٨/١٩.
- ژ(٢٩)، ١٩٢٠/١١/١١.

**چاوپێکەوتن:**

- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ سەلاح سالار، سەیدصادق، ٢٠١٨/٧/٢٠.

**ملخص**

ملخص البحث تتضمن هذه الدراسة التغييرات التي حصلت في قضاء حلبجة من ١٨٦٩ الى ١٩٨٨م. الموضوع تقتضي تقسمه الى قسمين: يتناول القسم االأول وصول العثمانيين الى منطقة شهرزور ١٥٣٤ وانشاء ويلاية شهرزور ومكانة حلبجة فيها كما يتناول الحديث عن أمارة بابان وجعل حلبجة مركزا لوحدة ادارية وسيعة، بالاضافة الى التغييرات التى طرأت تلك الحقبة على الحدود الادارية لتكلم المنطقة. وفي القسم الثاني تكلم الباحث باتفصيل عن التغييرات التي حدثت في حلبجة أيام تواجد الانجليز فيها وأيام الشيخ محمود، بيد أن التغييرات الكبرى التى حدثت في تلك الحقبة بدأت منذ العقد االأول من الخمسينيات اانتهت بالغاء قضاء حلبجة عام ١٩٨٨. وكانت العوامل السياسية والعسكرية أكثر دورا في أحداث تلكم التغييرات علاوة على كل ذلك فقد سلط الضوء على التغييرات التي أجريت على اسم مركز القضاء وعلى أسماء النواحي التابعة لها.

**Abstract**

The content of this research talks about administrative changes in Halabja district during (1869-1988). It is consist of two parts. The first part discusses the arrival of the Ottoman Empire to the region of Sharazwr in (1534), and the establishment of Sharazwr state. Moreover, it indicates the role of Halabja in Sharazwr and Baban states. Then, in this research, we have illustrated how Halabja became a centre of administrative affair at that time and those changes that had occurred in the region.

In the second part, the research looks up in detail for all of the changes that had happened during English colonization in the period of Sheikh Mahmoud, as the big changes were after the 1950s until 1988. In fact, the political and military reasons were the most important factors that had a significant impact on all of the changes in the region. In addition, this research sheds light on changes in the name of the district and its township.